# چەند کۆسپێك لە ڕێگـــای لاوانـــدا

وەرگێڕانی بە دەستکاریەوە

إدريس محمود

====================================

لەبڵاوکراوەکانی

**ماڵپەڕی بەهەشت**

www.ba8.org

islam_kurd_ba8@yahoo.com

07701517378

عێراق - كوردستان - كەلار

هەمیشە لەگەڵمان بن بۆ بەرهەمی نوێ

کتێبی ژمارە (٢٤)

بسم الله الرحمن الرحيم

## پێشەکی

الحمد لله وحده، و الصلاة و السلام على من لا نبي بعده.... و بعد :

**برا و خوشکی لاوم : قەت بووە تەنانەت ئەگەر بۆ ساتێکیش بوو بێت ، لە ڕۆژێك لە ڕۆژەکانی ئەم تەمەنە گوڵ ڕەنگەتدا ، لەگەڵ ناخ و دەروونی خۆتدا دوابیت ، و ئەم پرسیارەت لە خۆت کردبێت ، من لاوم ، بەڵام ئایا لاوێتی مانای چیە ؟ من پێت دەڵێم : لاو ئازار و هیوایە .**

**لاوانی خۆشەویست : ئێوە هیوا و ئومێدی سەرخستنی دینەکەتانن ، ئێوە سەرمایەی نەتەوەی ئیسلامن ، نهێنی هێز و توانای لە بن نەهاتووی ئەم ئوممەتەن ، ئەگەر حەزتان کرد بزانن داهاتووی ئەم ئیسلامە چی دەبێت ، ئەوا سەرنجی حاڵی خۆتان و برا لاوەکانی ترتان بدەن ، بزانن لە چ حاڵێکدان ! دڵنیام ئەگەر بە ڕاستگۆییەوە سەرنجێکی ژیانی خۆتان و هاوڕێ و لاوەکانی دەورووبەرتان بدەن ، لەوانەیە ئازار و ناسۆری جێگای ئەم هیوا و ئومێدەمان بگرێتەوە ، بەڵام هەرگیز لێتان بێ ئومێد نابین ، هیوامان وایە هەستتان بجوڵێ ، و ئەم ئازارە دڵی پاکتان بلەخشێنێ ، و ئومێدێك بێنێتەوە بە بەری ئێوە و ئێمەشدا .. بگرە بە بەری هەموو نەتەوەی ئیسلامدا ، چونکە چاوەڕوانی ئێوە دەکات ، چاوەروانی گەڕانەوەتان دەکات بۆ ڕاستە شەقامی ئیسلام ، بەو ئامانجەی شارستانیەتەکەی بۆ بنیات بنێنەوە ، و بەشداری بکەن لە گێڕانەوەی سەربەرزی و دەسەڵات بۆ ئەم ئوممەتە لە پاش ماوەیەکی زۆر لە لەدەستدانی ، بەڵام ، ئەوەی لێی دەترسین ئەوەیە کە ئەم هیوا و ئومێدەمان لە نێو تەپوتۆزی بیرۆکە و دینە پوچەکانی تردا دوا هەناسەکانی ژیانی بسپێرێت ، و ئێوەش لە قووڵایی خەوی ژیاندا خەونی گەورە گەورە بە حەزەکانی دنیاتانەوە ببینن .**

**خوێنەری خۆشەویست : ئەم نامیلکەیەی لە بەردەستتدایە ، بە کورتی باس لە هەندێك لەو کۆسپ و کێشانە دەکات کە ڕێگرن لە بەردەم لاواندا ، لەگەڵ چۆنیەتی چارەسەرکردنیان ، و لە دوو نامیلکەی عەرەبیەوە وەرگیراوە ، نامیلکەیەکیان بە ناوی** ( عقبات في طريق الشباب – إعداد : القسم العلمي بدار الوطن ) ، **ئەوی تریشیان نامیلکەی** ( مشكلات الشباب – للشيخ العلامة الفقيه محمد بن صالح العثيمين – رحمه الله – ) .

**داواکارین لە خوای گەورە ئەم خزمەتە بچوکەمان لێ وەربگرێت و لاوانی خۆشەویستی لێ سوودمەند بکات** . آمين .

و صلى الله على نبينا محمد و على آله و صحبه و سلم

# کۆسپەکان

**یەکەم : ئارەزووەکان ( الشهوات ) :**

گەورەترین کۆسپ لە بەردەم لاواندا جیهانی ئارەزووەکانە ، جیهانێکی گەورە و ڕێگا جیاوازە ، بە تایبەتی لەم سەردەمەی ئێستادا ، کە تیایدا کەناڵەکانی پەیوەندی بە تەواوی پەرەیان سەندووە ، و جیهانیان کردووە بە گوندێکی بچووك ، بە هۆی ئەوەشەوە ئەوەندەی تر هۆکارەکانی لە خشتەبردن و هەڵخەڵەتاندن زۆربووە ، لەوانە : گۆڤارە ڕووتەکان ، و وێنە ئابڕووبەرەکان ، و کەناڵە ئاسمانیەکان ، و ئینتەرنێت ، و زنجیرە فلیمەکان ، هەموو ئەم هۆکارانە بەکاردەهێنرێن بۆ ڕووخاندنی لاوەکانمان و وروژاندنی ئارەزووەکانیان ، بۆ ئەوەی دووربن لە کارێکەوە کە بەرهەمی بۆ خۆیان و وڵاتیان هەبێت .

لەم سەردەمەدا لاو لە توندترین ناڕەحەتیدایە ، دەیەوێ پابەند بێت بە دینەکەیەوە کەچی لەو لاوە گۆڤار و ڕۆژنامەکان کە وێنەی ڕووت و خراپیان تێدا بڵاو دەکرێتەوە ، لە خشتەی دەبەن و دووری دەخەنەوە لە دینی خوا .

چارەسەری ئەم کۆسپە ئەوەیە : لاوەکانمان بزانن بۆ ئەوە درووست نەکراون خەریکی ئارەزووبازی و تێرکردنی ئارەزووەکانیان بن ، بەڵکو بۆ ئامانجێکی زۆر گەورە و پڕبایەخ درووست کراون .

قد هيؤوك لأمر لو فطنت له    فاربأ بنفسك أن ترعى مع الهمل

درووست کراوین بۆ پەرستنی  خوای گەورە ، ئەو خوایەی کە نیعمەت و بەخششەکانی بە سەرمانەوە ناژمێردرێت ، بۆ بەردەوامیش لە سەر ئەو پەرستنە پێویستمان بە یەکلابوونەوە و ورەبەرزی هەیە ، ئەمانەی خوارەوەش چەند هۆکارێکن یارمەتیمان دەدەن بۆ گەیشتن بەو ئامانجەی کە لە پێناویدا درووست کراوین:

١ . ئارامگرتن لە سەر سەرپێچی نەکردنی خوای گەورە .

٢ . تەماشانەکردنی ئافرەتی نامەحرەم .

٣ . نوێژکردن ، و ڕۆژووگرتن .

٤ . دوورکەوتنەوە لەو شوێنانەی کە لە ڕووی جنسیەوە دەتورووژێنن ، و سەرپێچی خوای گەورەیان تێدا دەکرێت .

٥ . سەردانکردنی زانا و پیاوچاکە متمانە پێکراوەکان .

٦ . ئەگەر بێ ئیش و بەتاڵ بوویت ، خۆت بە شتی بەسوودەوە خەریك بکە .

٧ . خوێندنی قورئان ، و هەوڵدان بۆ تێگەیشتن لێی ، وە لەبەرکرنی بە پێی توانا .

٨ . زوو ژنهێنان .

٩ . هاوڕێیەتی کردنی هاوڕێی چاك و لە خواترس .

١٠ . هەستکردن بەوەی کە خوای گەورە چاودێرە بەسەرتەوە لە نهێنی و ئاشکرادا

**دووەم : گومانەکان ( الشبهات ) :**

بەردەوام نەیارانی ئایینی ئیسلام خەریکی دروستکردنی گومانن ، و تۆمەت دەدەنە پاڵ ئیسلام و حوکمە دادپەروەرانەکانی ، بۆ ئەوەی خەڵکی لە دین دوور بخەنەوە ، و وایان تێ بگەیەنن کە ئیسلام دینێکی ناتەواوە ، و هەندێك لە حوکم و ڕێنماییەکانی پێویستیان بە پێداچوونەوە هەیە،لەبەرئەوەی لەگەڵ ئەم سەردەمەی ئێستادا ناگونجێت.. !!

دەڵێن : ئیسلام ستەمی لە ئافرەتان کردووە و لە نێوان چوار دیواردا بەندی کردووە ، هیچ ئیشێکی پێنەدراوە جگە لە چێشت لێنان و قاپ شتن و پاککردنەوە و .... نەبێت !!

دەڵێن : ئەو سزایانەی کە لە ئیسلامدا دانراوە بۆ تاوانە گەورەکانی وەکو زینا و دزی و ڕێگری و کوشتن و ... زۆر توندوتیژن !!

وە دەڵێن و دەڵێن ... ، لێرەدا بوار نیە کە گومانەکانیان بە تەواوی بخەینە ڕوو ، بەڵام مەبەستمان لێرەدا ئەوەیە کە هەندێك لە لاوەکانمان . خوا هیدایەتیان بدات . ئەو قسانەی سەرەوەیان وەرگرتووە و بە ڕاستی دەزانن ، بۆیە گومانیان بۆ دروست بووە بەرامبەر بە خوای گەورە ، بەرامبەر بە قورئان ، بەرامبەر بە پێغەمبەری خوا ﷺ وە هەندێکیان پێیان وایە کە ئیسلام تەنها بریتی یە لە نوێژ و ڕۆژوو ، و پەیوەندی بە بەڕێوەبردنی وڵاتەوە نیە . پەنا بە خوا . !!

چارەسەری ئەم کۆسپە : تەنها بە فێربوونی زانستی شەرعی بەسوود دەبێت ، کە بریتی یە لە قورئان و سوننەت و ئەو زانستانەی کە بە هۆیانەوە لە قورئان و سوننەت تێدەگەین .

بە زانستی بەسوود لاو دەزانێت کە ئیسلام ڕزگارکەری ڕاستەقینەیە بۆ ئافرەت ، کە لە تاریکی بێ ڕێزی و سووکایەتی پێکردنەوە دەری هێناوە و وای لێ کردووە بۆچوونی وەربگیرێت و پرس و ڕای پێ بکرێت .

بە زانستی بە سوود لاو دەزانێت ئەو سزایانەی لە ئیسلامدا بۆ تاوانباران دانراون ، بۆ ئەوەیە کە کۆمەڵگا لە هێمنی و ئارامیدا بژێت .

بە زانستی بەسوود لاو دەزانێت کە ئیسلام زۆری لە کەس نەکردووە ببێت بە موسڵمان ، ئەوەتا خوای گەورە زۆر بە ڕاشکاوی دەفەرموێت : ﴿ لَآ إِكۡرَاهَ فِي ٱلدِّينِ ﴾

وا تە : بە هیچ جۆرێك زۆرکردن نیە لە وەرگرتنی بیروباوەڕی ئایینی ئیسلامدا .

بەڵکو ناموسڵمانەکانیش . بە شایەتی خاوەن ویژدانەکانیان . هەستیان بە دادپەروەری نەکردووە تەنها لە سایەی ئیسلامدا نەبێت .

پێویستە لاو بزانێت کە ئیسلام ئایینی زانست و زانیاری یە ، موسڵمانەکان لە سەدەکانی ناوەڕاستدا خاوەن زانست و زانیاری تۆکمە بوون ، لە کاتێك دا کە ئەورووپا لە ئەوپەڕی پلەی نەزانی و خورافیاتدا بوو .

( لـــین بـــول ) دەڵـێ : (( ئـەوروپا پڕبـوو لـە نـەزانی و بێبەشـبوون ( لـە زانـست ) ، لـە کاتێکـدا ئەندەلووس . کە وڵاتی موسڵمانان بوو لەو سەردەمەدا . پێشەوای زانست ، و هـەڵگری ئاڵای ڕۆشـنبیری بوو لە جیهاندا )) .

شهد الأنام بفضله حتى العدا          و الفضل ما شهدت به الأعداء

**سێیەم : وشکی پەیوەندی نێوان لاوان و بەتەمەنەکان :**

هەنـدێك لـە بەتەمەنـەکان کاتێـك هەنـدێك لـە لاوان دەبیـنن لـە ڕێگـای ڕاسـت لایانـداوە ، دەستەوسـان دەوەستن و ناتوانن ئەو لادانەیان بۆ چارەسەربکەن ، و نائومێدن لەوەی کە ئەو لاوانە چاك بن ، بەمـەش ڕقیـان لێ هەڵـدەگرن و لێیـان دووردەکەونـەوە و گوێیـان پـێ نـادەن ، چـاك بـن یـان خـراپ ، وە لەوانەیـە لاوەکانی تریش بە گومڕا بزانن ، و گرێیەکی دەروونیان بۆ درووست ببێت بەرامبەر بە هەموو لاوێك ، بە هۆی ئەمەشەوە کۆمەڵگا لێك هەڵدەوەشێت ، و هـەردوو لا ( لاوان و بە تەمەنـەکان ) بە چـاوی سـووکەوە سەیری یەکتر دەکەن ، ئەمەش گەورەترین مەترسیە لە سەر کۆمەڵگا .

چارەسـەر ئەوەیـە کـە : هەریەکـە لـە لاوان و بـە تەمەنـەکان هـەوڵ بـدەن بـۆ نەهێـشتنی ئـەو وشـکی و دووریەی کە لە نێوانیاندا هەیە ، هەموویان بڕوایان وابێت کە کۆمـەڵگا بە لاو و بە تەمەنـەوە وەکـو یـەك جەستە وان ، ئەگەر ئەندامێکی ئەو جەستەیە خراپ ببێت ، هەموو جەستەکە خراپ دەبێت .

هەروەها پێویستە لە سەر بەتەمەنەکان هەست بە بەرپرسیارێتی سەرشانیان بکەن بەرامبەر بە لاوان ، و نائومێد نەبن لە چاك بوونیان ، چونکە خوای گەورە بە توانایە بە سەر هەموو شتێکدا ، چەند کەسی گومڕا هـەبوون خـوای گـەورە هیدایـەتی دان و بوونـە تـۆوی چاکە و بانگـەوازکردن بـۆ لای دینـی خـوای گەورە .

وە پێویستە لە سەر لاوانیش ڕێز لە بەتەمەنـەکان بگـرن ، و بۆچوونیان وەربگـرن ، چونکە ئـەوان ئەزموونی ژیانیان زیاترە لە لاوان .

بۆیە ئەگەر دانایی بەتەمەنەکان و هێزی لاوان بە یەك بگەن کۆمەڵگا ئاسوودە و بەختەوەر دەبێت ( بإذن الله ) .

**چوارەم : نەبوونی پێشەنگ :**

کاتێك کە لاو سەیری پێش خۆی دەکات کەسێك نابینێت ڕێنمایی بکات بۆ ڕێگای ڕاست ، ئیتر لە گومڕایی خۆیدا بەردەوام دەبێت ، و هەوا و ئارەزووی خۆی بە سەریدا زاڵ دەبێت ، جاری واش هەیە ئاشنا دەبێت بەوانەی کە پابەندن بە دینەوە ، بەڵام ناتوانن بە جوانی بانگەشە بۆ دینەکەیان بکەن ، بۆیە ئەو لاوە سوودیان لێ نابینێت ، بەڵکو هەندێك جار لێیان هەڵدێت ، و دەبێتە هۆی زیاتر سووربوونی لە سەر تاوان و گوناه .

بۆیە لێرەدا پێویستە لە سەر باوکان و دایکان و مامۆستای خوێندنگاکان کە پێشەنگی چاك بن بۆ لاوان .

وە پێویستە لە سەر وتاربێژ و پێش نوێژی مزگەوتەکان و لاوە پابەند بە دینەکان کە نەرم و نیان بن لەگەڵ لاواندا ، و بە بێ تووڕەبوون و ڕق لێ هەڵگرتن بەرەو ڕێگای ڕاست ئاراستەیان بکەن ، با لەم کارەشیاندا چاو لە پێشەنگی مرۆڤایەتی بکەن ﷺ .

لە هەمان کاتدا پێویستە لە سەر لاوان وشەی هەق وەربگرن و ملکەچی بن ، و گوێ لە تووڕەیی ئامۆژگاریکار نەدەن ، چونکە ئەو کەسە تۆی خۆش دەوێت بۆیە ئامۆژگاریت دەکات ، و خەمی ئەوەیەتی نەوەك تۆ لە سەر کردەوە خراپەکانت بمریت و بچیتە دۆزەخەوە . خوا پەنامان بدات .

خوای گەورە دەفەرموێت : ﴿ كُنتُمۡ خَيۡرَ أُمَّةٍ أُخۡرِجَتۡ لِلنَّاسِ تَأۡمُرُونَ بِٱلۡمَعۡرُوفِ وَتَنۡهَوۡنَ عَنِ ٱلۡمُنكَرِ وَتُؤۡمِنُونَ بِٱللَّهِ ﴾ [ آل عمران : ١١٠ ] . واتە : بەڕاستی ئێوە چاکترین نەتەوەیەکن کە بۆ سوودی خەڵکی هێنراوتە مەیدانەوە ، چونکە فەرمان دەکەن بە چاکە و قەدەغەی خراپە دەکەن و باوەڕی دامەزراو بە خودا دەهێنن .

برای لاوم : ئایا بەهەشت و ناز و نیعمەتەکانی واز لێ دەهێنیت تەنها لەبەرئەوەی کەسێك بە ڕەقی قسەی لەگەڵ کردوویت و ئامۆژگاری کردوویت ، ئەگەر تۆ بەهەشتت ناوێت ئایا دەتوانیت لەسەر سزای دۆزەخ ئارام بگریت ؟! . پەنا بە خوا .

هەندێك لە پێشینان وتوویانە : ((ئەگەر لەگەڵ کۆمەڵێکدا دابنیشین بمان ترسێنن تاوەکو دڵنیاییمان پێدەگات ( واتە : لە ڕۆژی دواییدا ) ، پێمان باشترە لەوەی لەگەڵ کۆمەڵێکدا دابنیشین دڵنیامان بکەن تاوەکو ترسمان پێدەگات )) .

**پێنجەم : دەست بەتاڵی :**

یەکێکی تر لە کۆسپە گەورەکانی بەردەم لاوان بەتاڵی و گرنگی نەدانە بە کات ، پێغەمبەر ﷺ دەفەرمووێت : " نعمتان مغبون فيهما كثير من الناس : الصحة و الفراغ " بۆیە پێویستە لە سەر لاوان نرخی کاتەکانیان بزانن ، چونکە کات ژیانە ، هەر ڕۆژێکی لێ بڕوات تا ڕۆژی قیامەت ناگەڕێتەوە ، تەمەن چەند هەناسەیەکە ، و خولەکەکان تەمەنەکان دەڕوخێنن ، مردنیش کتوپڕ دێت ، و گۆڕیش سندوقی چاکەکانە .

دقات قلب المرء قائلة له   إن الحياة دقائق و ثواني

واتە : ترپەی دڵی مرۆڤ پێی دەڵێت : ژیان چەند خولەك و چرکەیەکە .

برای لاوم بزانە کە : ئەرکەکانی سەرشانت زیاترن لە کاتەکانت ، بۆیە ( چرووك بە ) لە بەکارهێنانی کاتەکانت و مەهێڵە بێهودە لە دەستت دەربچن .

یەکێك لە پێشینان فەرموویەتی : (( کەسێکم خۆش ناوێت بە بەتاڵی ببینم ، کە نە بە دینەوە سەرقاڵ بێت ، نە بە دونیاوە )) .

**شەشەم : نەبوونی هیممەت و ورەبەرزی :**

زۆرێك لە لاوان خۆزگە دەخوازن كە بەندەیەكی گوێڕایەڵ بن بۆ خوای گەورە ، لە هەمان كاتیشدا خۆیان دەزانن لە ناو تاوان و سەرپێچیدا نقومن ، لەگەڵ ئەوەشدا بە هیچ كارێك هەڵناسن ، بۆ ئەوەی خۆیان ڕزگار بكەن لەو واقیعە تاڵەی كە تیایدان ، بەڵكو هەر خۆزگە دەخوازن .

وەكو وتراویشە : (( خۆزگە خواستن سەرمایەی موفلیسەكانە )) .

بۆیە پێویستە لە سەر لاوان سووربن لە سەرئەوەی كە دەست بگرن بە دینەكەیانەوە ، و واز لە تاوان و خراپەكاری بهێنن ، هەركەسێكیش سووربێت لە سەرئەنجامدانی كاری چاكە خوای گەورە یارمەتی دەدات ( إن شاء الله ) .

على قدر أهل العزم تأتي العزائم     و تأتي على قدر الكرام المكارم

( أبو حازم ) فەرموویەتی : (( إذا عزم العبد على ترك الآثام أتته الفتوح )) . واتە : ئەگەر بەندە سووربێت لە سەر وازهێنان لە تاوان ، ئەوا لە لایەن خوای گەورەوە یارمەتی بۆ دێت و یارمەتی دەدرێت .

**حەوتەم : ژینگەو دەوروبەر :**

جاری وا هەیە لاو لە ژینگەیەكدا دەژی كە پڕە لە سەرپێچی و خراپەكاری ، ماڵەوە پڕە لە ئامرازی لە خشتەبەر وەكو سەتەلایت ، بازاڕ پڕە لە ئافرەتی نیمچە ڕووت ، لەو لاشەوە زۆرێك لە تاكەكانی كۆمەڵگا پێیان وایە كە لادانی لاوان شتێكی ئاساییە ، بە هۆی ئەو قۆناغەوە كە تیایدا دەژین ، هەموو ئەوانەی باسمان كرد دەبنە هۆی لە خشتەبردنی لاوان و دووركەوتنەوەیان لە ڕێگای ڕاست .

چارەسەر ئەوەیە : كە لاو تا لە توانایدا هەیە تێكەڵاوی ئەو ژینگە خراپە نەكات ، و خۆی بە خوێندنەوەی قورئان و فەرموودە و ژیانی هاوەڵان و پیاوچاكانەوە خەریك بكات ، و بگەڕێت بە دوای هاوسەرێكی چاكدا بۆ ئەوەی بتوانن پێكەوە ژینگەیەكی دوور لە سەرپێچی و خراپەكاری درووست بكەن .

**هەشتەم : خوێندنەوەی هەندێك نووسراوی ڕووخێنەر :**

لەو نووسینانەش وەكو نامە و گۆڤار و ڕۆژنامە و ... هتد ، ئەوانەی گومان لە سەر ئایین و بیروباوەڕی مرۆڤ درووست دەكەن ، و بانگەشە بۆ خراپەكاری و بەدڕەوشتی دەكەن ، بۆیە لاو دەبێت هەوڵ بدات ڕۆشنبیریەكی دینی قووڵی هەبێت ، بۆ ئەوەی هەق و نا هەق و سوودبەخش و زیانبەخش لە یەكتر جیابكاتەوە ، ئەگینا هەندێك جار ئەو نووسینانە هەڵی دەگەڕێننەوە لە دین . خوا پەنامان بدات .

چارەسەر ئەوەیە كە : واز لە خوێندنەوەی ئەو نووسراوانە بهێنێت و نووسراوی بە سوود بخوێنێتەوە ، ئەو نووسراوانەی دەبنەهۆی زیادكردنی خۆشەویستی خوا و پێغەمبەری خوا ﷺ لە دڵدا ، و باوەڕ بە هێز دەكەن ، و مرۆڤ هان دەدەن بۆ كردەوەی چاك و یارمەتیدانی خەڵكی ، و دەبێت ئارام بگرێت لە سەر خوێندنەوەی ئەو كتێبە بەسوودانە ، چونكە لەوانەیە بەو خوێندنەوەیە دەروونی ئازاری بدات ، و حەزی لە كتێبە زیانبەخشەكان بێت .

خوای گەورە دەفەرموێت : ﴿ إِنَّ ٱلنَّفۡسَ لَأَمَّارَةُۢ بِٱلسُّوٓءِ ﴾ [ يوسف : ٥٣ ] .

واتە : بەڕاستی نەفس ( ئەگەر بە نووری خواناسی ئاوەدان نەبێت ) زۆر فەرماندەرە بە هەڵە و تاوان .

گرنگترین کتێبە بەسوودەکانیش قورئانە لەگەڵ ئەو کتێبانەی کە تەفسیری دەکەن ، ئینجا کتێبەکانی فەرموودە و ئەو کتێبانەی ئەو فەرموودانە ڕوون دەکەنەوە .

بەڕاستی بە خوێندنەوەی ئەو کتێبانە دەروونی مرۆڤ ئاسوودە دەبێت ، وەکو خوای گەورە دەفەرموێت : ﴿ أَلَا بِذِكۡرِ ٱللَّهِ تَطۡمَئِنُّ ٱلۡقُلُوبُ ﴾

**نۆیەم : ناڕەحەتی پرۆسەی هاوسەرگیری :**

لە کاتێکدا کە لاوان لە کۆمەڵگایەکدا دەژین ، پڕە لە وروژێنەری ئارەزووەکان ، و دەیانەوێ خۆیان لە تاوان بپارێزن ، و ئافرەتێکی چاك بکەن بە هاوسەری خۆیان ، بۆ ئەوەی باری گرانی سەرشانیان کەمێك سووك بکات ، کەچی سەیردەکەی مارەیی و تێچوونی پرۆسەی هاوسەرگیری زۆر زۆرە ، و ڕەچاوی باری دارایی لاوان ناکرێت .

بۆیە هەندێك لە لاوان تووشی نائومێدی دەبن و پەنا دەبەنە بەر ڕەوشتە نزم و خراپەکان ، و هەندێکیشیان ئارام دەگرن ، و بە هیوای ئەوەن خوای گەورە کارەکەیان بۆ ئاسان بکات .

چارەسەر : پێویستە لە سەر ئەو لاوانەی کە توانای ژنهێنانیان نیە پەنا بۆ ئەو چارەسەرە ببەن کە پێغەمبەری خوا ﷺ بۆی داناون ، و فەرموویوتی ﷺ : " يا معشر الشباب ، من استطاع منكم الباءة فليتزوج ؛ فإنه أغض للبصر ، و أحصن للفرج ، و من لم يستطع فعليه بالصوم فإنه له وجاء "

هەروەها پێویستە لە سەر لاو پەنا ببات بۆ کاری چاکە و حەڵاڵ ، و پشت نە بەستێت بە کەسانی تر ، چونکە باشترین ڕزق و ڕۆزیەك ئەوەیە کە مرۆڤ بە ئارەقی نێوچاوانی خۆی بەدەستی بهێنێت .

**دەیەم : خۆشگوزەرانی :**

خۆشگوزەرانی زۆر ، دەبێتە هۆی سەرکەشی و سنوور تێپەڕاندن ، و لاو لە خۆ بایی دەکات و وای لێدەکات کە گوێ بە زۆر شت نەدات ، و دڵی پەیوەست دەکات بە خۆشی و جوانیەکانی دونیا و ڕۆژی قیامەتی لە بیردەباتەوە .

خوای گەورە دەفەرموێت :﴿ وَٱتَّبَعَ ٱلَّذِينَ ظَلَمُواْ مَآ أُتۡرِفُواْ فِيهِ وَكَانُواْ مُجۡرِمِينَ ﴾ [ هود : ١١٦ ] . واتە : زۆربەیان لە سنووری فەرمانی خوا دەرچوون و شوێن ڕابواردن و ئارەزوو کەوتن ، ئیتر بەو کردەوە ناشرینەیان چوونە ڕیزی تاوانبار و خراپەکارانەوە .

بۆیە پێویستە لە سەر باوکان و دایکان منداڵەکانیان دوور بخەنەوە لە خۆشگوزەرانی زۆر ، و ڕایان بهێنن لە سەر ڕەقی و سەختی ژیان ، بۆ ئەوەی ڕێزی نیعمەتەکانی خوای گەورە بزانن و سوپاسی بکەن .

**یانزەیەم : گومانی هەندێك لە لاوان سەبارەت بەوەی کە ئیسلام ئازادیەکان کۆت و بەند دەکات و وزە و تواناکان کپ دەکاتەوە :**

هەندێك لە لاوان هەڵگری ئەم گومانە خراپەن و پێیان وایە پەیڕەوکردنی حوکمەکانی ئایینی ئیسلام کۆنەپەرستیە ، و ئیسلام شوێنکەوتووانی بۆ دواوە دەگێڕێتەوە ، و ڕێگرە لە بەردەم پێشکەوتندا .

چارەسەر ئەوەیە : پێویستە ئەو پەردەیەی کە بەسەر حەقیقەتی ئیسلامدا دراوە لابرێت ، بۆ ئەوەی ئەو لاوانەی بە خراپ تێگەیشتوون یان خراپ تێگەیەنراون حەقیقەتی ئیسلام بزانن.

و من يك ذا فم مر مريض يجد مرا به الماء الزلالا

ئیسلام ئازادیەکان کۆت و بەند ناکات بەڵکو ڕێکی دەخات ، و بە ئاراستەیەکی درووستدا ئاراستەی دەکات ، بۆ ئەوەی لەگەڵ ئازادی کەسانی تردا تێك نەگیرێت ، چونکە هەرکەسێك داوای ئازادی ڕەها بکات ئەوا لە سەر حیسابی ئازادی کەسانی تر دەبێت ، بەمەش بەیەکدا کێشان لە نێوان ئازادیەکاندا درووست دەبێت ، و ئاژاوە و خراپەکاری بڵاو دەبێتەوە .

هەربۆیەش خوای گەورە حوکمە دینیەکانی ناوناوە سنوور ( الحدود ) ، ئەگەر حوکمەکە حەرام کردن بێت ، فەرموویەتی : ﴿ تِلْكَ حُدُودُ اللَّهِ فَلَا تَقْرَبُوهَا ﴾ [ البقرة : ١٨٧ ] . واتە : ئەوانە سنووری خوان و نزیکیان مەکەونەوە .

وە ئەگەر واجب کردنیش بێت فەرموویەتی : ﴿ تِلْكَ حُدُودُ اللَّهِ فَلَا تَعْتَدُوهَا ﴾ [ البقرة : ٢٢٩] واتە : ئەوانە سنوورەکانی خوای پەروەردگارن ، لێی مەترازێن و سنوورشکێنی مەکەن . دەبێت ئەوە بزانرێت کە جیاوازی هەیە لە نێوان کۆت و بەندکردن لەگەڵ ڕێکخستن ، کە خوای دانا و شارەزا بۆ بەندەکانی داناوە .

بۆیە هەر لە بنچینەوە پێویست بەو کێشەیە ناکات کە ئەو کەسانە درووستیان کردووە ، چونکە ڕێکخستن شتێکی واقیعیە لە هەموو بوارەکانی ژیاندا ، مرۆڤ بە سرووشتی خۆی ملکەچە بۆ ئەو ڕێکخستنە واقیعیە .

بۆ نموونە : مرۆڤ ملکەچە بۆ برسێتی و تینوێتی و سیستەمی خواردن و خواردنەوە ، بۆیە ناچارە خواردن و خواردنەوەی خۆی ڕێك بخات ، لە ڕووی جۆر و چۆنیەتی و چەندێتیەوە ، بۆ ئەوەی پارێزگاری بکات لە تەندروستی خۆی .

وە ملکەچە بۆ سیستەمی کۆمەڵایەتی ، پابەندە بە داب و نەریتی ئەو شوێنەی کە تێیدا دەژی لە ڕووی پۆشاك و خانوو و هاتن و ڕۆیشتنەوە ، ملکەچە بە شێوە و جۆری پۆشاك ، و شێواز و جۆری ماڵ ، و سیستەمی هاتووچۆ ، ئەگەر ملکەچی ئەوانە نەبێت کە باسمان کرد ئەوا بە ڕیزپەڕ ( شاذ ) دادەنرێت .

کەواتە ژیانی مرۆڤ هەمووی ملکەچە بۆ سنوورێکی دیاری کراو ، بۆ ئەوەی کاروبارەکان بەو شێوازە بڕوات بە ڕێوە کە دەویسترێت .

**بۆیە ئەگەر ملکەچی بۆ سیستەمی کۆمەڵایەتی بە پێویست بزانرێت بۆ چاکسازی کۆمەڵایەتی و نەهێشتنی ئاژاوە ، بەهەمان شێوەش ملکەچ بوون بۆ سیستەمە شەرعیەکان پێویستە و هەر دەبێ ببێت ، بۆ چاکسازی نەتەوە ، ئیتر چۆن کەسانێك وا گومان دەبەن کە سیستەمە شەرعیەکان ئازادیەکانی مرۆڤ کۆت و بەند دەکەن ، بەڕاستی ئەمە بوهتانێکی ڕوون و ئاشکرایە ، و گومانێکی پووچەڵ و خراپە .**

**هەروەکو چۆن ئیسلام ئازادیەکان کۆت و بەند ناکات بەهەمان شێوەش وزە و تواناکان کپ ناکاتەوە ، بەڵکو گۆڕەپانێکی فراوانە بۆ هەموو وزە و تواناکانی مرۆڤ جا چ فیکری بێت یاخود عەقڵی و جەستەیی .**

**ئیسلام بانگی خەڵکی دەکات بۆ بیرکردنەوە و تێڕوانین ، بۆ ئەوەی پەند وەربگرن و بیر و هۆشیان گەشە بکات ، خوای گەورە دەفەرموێت :** ﴿ أَفَلَا يَنظُرُونَ إِلَى ٱلْإِبِلِ كَيْفَ خُلِقَتْ ﴿١٧﴾ وَإِلَى ٱلسَّمَآءِ كَيْفَ رُفِعَتْ ﴿١٨﴾ وَإِلَى ٱلْجِبَالِ كَيْفَ نُصِبَتْ ﴿١٩﴾ وَإِلَى ٱلْأَرْضِ كَيْفَ سُطِحَتْ ﴿٢٠﴾ ﴾ [ الغاشية] . **واتە : ئایا ئێوە سەرنجی وشتر نادەن چۆن درووست کراوە ؟! ئایا سەرنجی ئاسمان نادەن چۆن بەرزکراوەتەوە ؟! ئەی سەرنجی کێوەکان نادەن ، چۆن داکوتراون و دامەزرێنراون ؟! ئەی سەرنجی دەشتەکانی زەوی نادەن چۆن تەخت کراون ؟! .**

**وە هـەروەها ڕەخنەشـی گرتـووە لەوانـەی کـە بیرناکەنـەوە لـە دروسـت کراوەکـانی خـوا ، و دەفەرموێت :** ﴿ أَوَلَمْ يَتَفَكَّرُوا۟ فِىٓ أَنفُسِهِم ۗ مَّا خَلَقَ ٱللَّهُ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضَ وَمَا بَيْنَهُمَآ إِلَّا بِٱلْحَقِّ ﴾ ( الروم : ٨ ) . **واتـە : ئایا ئەوانە بیرێکیان لە ناخی خۆیان نەکردووەتەوە ، کە خوا ئاسمانەکان و زەوی و هەرچی لە ناویاندا هەیە بە حەق نەبێت درووستی نەکردوون .**

**وە دەفەرموێت :** ﴿ وَمَن نُّعَمِّرْهُ نُنَكِّسْهُ فِى ٱلْخَلْقِ ۖ أَفَلَا يَعْقِلُونَ ﴿٦٨﴾ ﴾ [ يس : ٦٨ ] .

**واتە : خۆ ئاشکرایە ئەوەی تەمەنی درێژی پێ ببەخشین ، جوانی ڕواڵەتی بۆ نـاهێڵین ، جا ئایا بۆ ژیریان ناخەنە کار ؟! .**

**لێرەدا فەرمان کردن بە تێڕوانین و بیرکردنەوە تەنها بۆ کردنـەوەی دەرگـای وزە و توانا عـەقڵی و فیکریەکانە ، ئیتر چۆن هەندێك کـەس دەڵێن : ئیسلام وزە و تواناکان کپ دەکاتـەوە ؟! بەڕاستی ئەوە درۆیەکی گەورەیە کە لە دەمیان دێتە دەرەوە .**

**ئیسلام هەموو چێژ و خۆشیەکانی بۆ مرۆڤ حەڵاڵ کردووە جگە لەوانە نەبێت کە زیانیان هەیە بۆ مرۆڤ جا ئەو زیانە زیانی عەقڵی بێت یاخود زیانی دینی و جەستەیی .**

**بۆ نموونە هەموو خواردن و خواردنەوە پاکەکانی حەڵاڵ کردووە ، خوای گەورە دەفەرموێت :** ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ كُلُوا۟ مِن طَيِّبَٰتِ مَا رَزَقْنَٰكُمْ وَٱشْكُرُوا۟ لِلَّهِ ﴾ [ البقـــرة : ١٧٢ ] . **واتـە : ئـەی ئەوانـەی باوەڕتـان هێنـاوە ، بخـۆن لـەو ڕزق و ڕۆزیـە چـاك و باشـانەی کـە پێمـان بەخـشیون و بـەردەوام سوپاسگوزاری خوا بکەن ئەگەر ئێوە تەنها ئەو دەپەرستن .**

هەموو پۆشاکەکانی حەڵاڵ کردووە بە پێی دانایی و فیترەتی مرۆڤ ، خوای گەورە دەفەرموێت :

﴿ يَـٰبَنِيٓ ءَادَمَ قَدۡ أَنزَلۡنَا عَلَيۡكُمۡ لِبَاسٗا يُوَٰرِي سَوۡءَٰتِكُمۡ وَرِيشٗاۖ وَلِبَاسُ ٱلتَّقۡوَىٰ ذَٰلِكَ خَيۡرٞۚ ﴾ [ الأعراف : ٢٦ ] واتە : ئەی نەوەی ئادەم ، ئێمە بەڕاستی پۆشاکی لەبارمان بۆ فەراهەم هێناون ، عەورەت و ئەوەی پێتان ناخۆشە دەربکەوێت دادەپۆشێت ، هەروەها جل و بەرگی جوانیش کە خۆتانی پێ بڕازێننەوە ( بەڵام بیرتان نەچێت ) کە پۆشاکی تەقوا و خواناسی چاکتر و خێردارتر و بەفەڕترە .

چێژوەرگرتنی پیاو و ئافرەتی لە یەکتر حەڵاڵ کردووە بەڵام لە ڕێگای زەواجی شەرعیەوە ، هەموو پیشە و کاسپیەکی بەسوودی حەڵاڵ کردووە .

خوای گەورە دەفەرموێت : ﴿ وَأَحَلَّ ٱللَّهُ ٱلۡبَيۡعَ وَحَرَّمَ ٱلرِّبَوٰاْۚ ﴾ [ البقـرة : ٢٧٥ ] . واتە : خوا کڕین و فرۆشتنی حەڵاڵ کردووە و سووی حەرام کردووە .

ئایا لە پاش ئەو ڕوونکردنەوەیەی سەرەوە گومان یاخود قسەی ئەو کەسانە درووستە کە دەڵێن : ئیسلام وزە و تواناکان کپ دەکاتەوە ؟! .

**دوانزەیەم : ڕابردووی خراپ :**

زۆرێك لە لاوان ڕابردووی خراپیان ڕێگرە لە بەردەم پابەندبوونیان بە دین و بەردەوام بوونیان لە سەری ، و پێیان وایە کە خراپەکانیان سنووری لێخۆشبوونی خوای تێپەڕاندووە ، و خوای گەورە لێیان تووڕەیە و لە سەری نوسیون کە لە ناوبچن ، و لە سەرپێچی و تاواندا بمرن ، بەڵام ئەگەر ئەو لاوانە بگەڕێنەوە بۆ دەقەکانی قورئان و سووننەت بۆیان دەردەکەوێت کە تێڕوانینەکەیان چەندە هەڵەیە ، و تێدەگەن کە هیچ سنوورێك نیە بۆ لێخۆشبوونی خوا .

خوای گەورە دەفەرموێت : ﴿ وَرَحۡمَتِي وَسِعَتۡ كُلَّ شَيۡءٖۚ ﴾ [ الأعراف : ١٥٦ ] . واتە : ڕەحمەت و میهرەبانیم هەموو شتێکی گرتووەتەوە .

وە دەفـــــەرموێت : ﴿ قُلۡ يَـٰعِبَادِيَ ٱلَّذِينَ أَسۡرَفُواْ عَلَىٰٓ أَنفُسِهِمۡ لَا تَقۡنَطُواْ مِن رَّحۡمَةِ ٱللَّهِۚ إِنَّ ٱللَّهَ يَغۡفِرُ ٱلذُّنُوبَ جَمِيعًاۚ إِنَّهُۥ هُوَ ٱلۡغَفُورُ ٱلرَّحِيمُ ۝٥٣ وَأَنِيبُوٓاْ إِلَىٰ رَبِّكُمۡ وَأَسۡلِمُواْ لَهُۥ ﴾ [ الزمر : ٥٣ ، ٥٤ ] . واتە : ئەی پێغەمبەر پێیان بڵێ : خوا دەفەرموێت : ئەی بەندەکانم ئەوانەی کە خۆتان گوناهبار کردووە و هەڵەتان زۆرە ، نائومێد مەبن لە ڕەحمەتی خوا ، چونکە بەڕاستی ئەگەر ئێوە تەوبەی ڕاست و درووست بکەن ، خوا لە هەموو گوناه و هەڵەکانتان خۆش دەبێت ، چونکە بێگومان ئەو خوایە زۆر لێبوردەیە و زۆر بە سۆز و میهرەبانە ، هەمیشە هەوڵ بدەن دڵتان لای خوا بێت و بگەڕێنەوە بۆ لای پەروەردگارتان و تەسلیمی ئەو بن .

وە پێغەمبەری خوایش ﷺ دەفەرموێت : " التائب من الذنب كمن لا ذنب له " [ رواه ابـن ماجـة و صححه الألباني ] بۆیە برای لاوم : ڕووبکەرە خوای گەورە و داوای لێخۆشبوون بکە بۆ تاوانەکانت ، و نائومێد مەبە ، چونکە خوای گەورە لە هەموو تاوانەکان خۆش دەبێت ، ئەگەر بە ئەندازەی کەفی سەر دەریاش بێت .

**سیانزەیەم : هیوا درێژی :**

ئەم كۆسپە لە توندترینی كۆسپەكانە ، و تووشی زۆرێك لە لاوان بووە ، و بە هۆیەوە زۆربەی سەرپێچی و تاوانەكان ڕوودەدەن ، چونكە لاوان بە هێز و بازووی خۆیاندا دەنازن ، و پێیان وایە كە هێشتا كاتیان لە بەردەستدایە ، و كەمێك لە تەمەنیان ڕۆیشتووە ، بێئاگان لەوەی كە زۆربەی مردووەكان لە لاوانن .

يعمَر واحد فيغر قوما و ينسى من يموت من الشباب

واتە : یەك كەس تەمەنی درێژ دەبێت بە هۆیەوە كۆمەڵە خەڵكێكی زۆر هەڵدەخەڵەتێن ، و ئەوە لە بیردەكەن كە چەندێك لە لاوان دەمرن .

**چواردەیەم : هاوڕێیەتی و تێكەڵاویكردنی كەسانی لادەر :**

ئەمەش كاریگەری زۆری دەبێت لە سەر هەڵسوكەوتی لاو ، بۆیە پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی : " المرء على دين خليله فلينظر أحدكم من يخالل " [ الصحيحة : رقم٩٢٧ ] . واتە :

مرۆڤ لە سەر دینی خۆشەویستەكەیەتی ، جا با یەكێك لە ئێوە بڕوانێت بۆ ئەوەی بزانێت كێ ی خۆش دەوێت ( و برادەرێتی كێ دەكات ) .

وە دەفەرموێت ﷺ : " مثل الجليس السوء كنافخ الكير إماأن يحرق ثيابك ، و إما أن تجد منه رائحة كريهة "

واتە : نموونەی هاوڕێ و هاو مەجلیسی خراپ وەكو ئەو كەسە وایە كە فوو دەكات بە كوورەدا ( ئاسنگەر ) ، ئەگەر لە لای بوەستیت یان پرشی ئاگرت بەردەكەوێت و جلەكانت دەسووتێنێت ، یان هیچ نەبێت بۆنی ناخۆشی لێ دەبیستیت .

بۆیە پێویستە لە سەر لاو كاتێك ویستی هاوڕێیەتی كەسێك بكات ، دەبێ بزانێت حاڵ و ناوبانگی ئەو كەسە چۆنە ، ئەگەر كەسێكی بەدین و ناوبانگ چاك بوو ، ئەوا با بە دڵ و جەستەوە هاوڕێیەتی بكات و لە دەستی نەدات ، بەڵام ئەگەر بە پێچەوانەوە بوو ، ئەوا با هەرچی زووە خۆی لێ دوور بخاتەوە و بە قسەی هەنگوینی و جوانی ڕواڵەتی كەسەكە هەڵ نەخەڵەتێ ، چونكە ئەو كەسە خراپانە ئەو قسانە بۆ سەرنج ڕاكێشانی كەسانی تر دەكەن ، بۆ زیادكردنی ژمارەی خۆیان و داپۆشینی ئەو خراپانەی كە هەیانە

ابل الرجال إذا أردت إخاءهم و توسمن أمورهم و تفقد
فإذا ظفرت بذي اللبابة و التقى فيه اليدين قرير عين فاشدد

واتە : ئەگەر ویستت برادەرێتی پیاوانێك بكەیت ئەوا تاقیان بكەرەوە ، حاڵ و كاریان دەست نیشان بكە و بە دوایدا بگەڕێ ، جا ئەگەر بینیت برادەرێكی دەست و زمان پاكە و لە خواترسە ، ئەوا بە هەردوو دەستت بە توندی بیگرە خۆت بۆ ئەوەی چاوەكانت ئۆقرە بگرێت .

**پانزەیەم : نەبوونی ئامانج :**

نەبوونی ئامانج یان بوونی ئامانجی نزم و بێ بایەخ یەكێكە لە كۆسپە گەورەكان ، و لاو دووردەخاتەوە لە ئامانجی گەورە و باڵا ، كە ئەویش ڕەزامەندی خوای گەورەیە لە بەهەشتی پڕ لە ناز و نیعمەتدا ، و ڕزگاربوونە لە ئاگری دۆزەخ - خوا پەنامان بدات - كە خراپترین سەرئەنجامە .

بۆیە برای لاوم : نابێ گۆرانی و ناوبانگ و پلە وپایەی سیاسی و كۆمەڵایەتی و ئابووری بكەیت بە ئامانجی هەمیشەیی خۆت ، پێویستە وشیار و ژیر بیت و ئامانجی خۆت لەم ژیانەدا دیاری بكەیت ، و هەموو لایەنەكانی تری ژیانت بكەیتە هۆ و پێناوێك ( وسـيلة ) بۆ بەدیهێنانی ئەو ئامانجە ، بۆ ئەوەی لەگەڵ لاوانی خراپ و ئارەزووباز و بێئامانجدا لە ناو نەچیت ، و شەرمەزاری بەردەم پەروەردگارت نەبیت لە ڕۆژێكدا كە بەتەنها لەگەڵیدا قسە دەكەیت بە بێ بوونی وەرگێڕ لە نێوانتاندا ، و پرسیارت لێ دەكات لەو كردەوانەی كە كردووتە ، بۆیە هەر لە ئێستاوە خۆت ئامادە بكە بۆ وەڵامدانەوەی پرسیارەكان ، ئەویش بە ئەنجامدانی كردەوە چاكەكانی وەكو نوێژ و ڕۆژوو و زەكات و خۆ پاراستن لە زینا و نەزەر و درۆ و .... هتد .

**شانزەیەم : نائومێدبوون لە چاكسازی كۆمەڵایەتی :**

هۆكاری ئەم كۆسپە ، ئەو واقیعە تاڵەیە كە نەتەوەی ئیسلامی پێدا تێپەڕ دەبێت ، كە لە ڕووی پێشكەوتنی تەكنەلۆجیەوە زۆر دواكەوتووە ، بۆیە كاتێك لاو سەیری ئەو واقیعە دەكات ، تووشی نائومێدی و ڕەشبینی دەبێت ، بەڵام ئەگەر ئەو لاوانە ئەو ڕاستیە بزانن كە چاكسازی هەر دەبێت ، و دواڕۆژیش هەر بۆ ئایینی ئیسلامە ، و دەسەڵات و عیززەت هەر بۆ خوا و پێغەمبەری خوا ﷺ و بڕوادارانە ، ئەوا دڵیان ڕووناك دەبێتەوە بە ڕووناكی باوەڕ ( الإيمان ) ، و كاری جیددی دەكەن ، و قووڵ بیردەكەنەوە ، و خەمەكانیان یەك دەخەن ، و دەستەكانیان لە ناو دەستی یەكتر دادەنێن ، و هەموو هەوڵ دەدەن بۆ پێشخستنی نەتەوەكەمان ( نەتەوەی ئیسلام ) ، ئەو نەتەوەیەی كە تاكە دەسەڵاتی بەهێز و تۆكمە ، و تاكە نەتەوەیەك بوو كە ئاڵای زانستی دەشەكایەوە ، لە كاتێكدا ئەو ئەوروپایەی كە ئێستا زۆرێك لە لاوەكانمان خەونی پێوە دەبینن ، و ئاواتیان ئەوەیە پێی بگەن ، لە ئەوپەڕی نەزانی و دواكەوتوییدا بوون ، و خەریكی یەكتر كوژی و زینا و دزی و سووخواردن و خراپەكاری بوون .

برای لاوم : هەوڵ بدە بۆ پێشخستنی نەتەوەكەت ( نەتەوەی ئیسلام ) ، ئەگەر بە فێربوونی چەند وشەیەك یاخود دانانی خشتێكیش بێت لە سەر خشتێك ، چونكە وەكو وتراوە شاخ لە وردە بەرد دروست دەبێت ، و بڕینی هەزار هەنگاویش بە هەنگاوێك دەست پێ دەكات .

**حەڤدەیەم : جیاوازی و ناكۆكی نێوان موسڵمانان :**

هۆكاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ لاوازی و پارچە پارچە بوونی نەتەوەكەمان ، كە هەر كۆمەڵە كەسێك هەڵدەستن پارتێك ( حزب ) دروست دەكەن ، و پارتەكەی تر بە خراپ و گومڕا دەزانن ، لەكاتێكدا خوای گەورە زۆر بە توندی هەڕەشەی لەو كەسانە كردووە كە نەتەوەی ئیسلام پارچە پارچە دەكەن یاخود دەبنە هۆی ئەو پارچە پارچە بوونە ، و داوای لە موسڵمانان كردووە كە دەست بگرن بە دینەكەیانەوە ، و دەفەرموێت :

﴿ وَٱعۡتَصِمُواْ بِحَبۡلِ ٱللَّهِ جَمِيعٗا وَلَا تَفَرَّقُواْ ﴾ ( آل عمـران : ١٠٣ ) . واتە : هەر هەمووتان بە توندی دەست بگرن بە ئایینی خواوە و پەرت و بڵاو مەبن .

وە دەفـــــەرموێت : ﴿ وَلَا تَكُونُواْ مِنَ ٱلْمُشْرِكِينَ ﴿٣١﴾ مِنَ ٱلَّذِينَ فَرَّقُواْ دِينَهُمْ وَكَانُواْ شِيَعًا كُلُّ حِزْبِۭ بِمَا لَدَيْهِمْ فَرِحُونَ ﴿٣٢﴾ ﴾ [ الروم] . واتە : مەبن بەو کەسانەی کە هاوەڵ ( شريك ) بۆ خوا بڕیاردەدەن ، لەوانـەی کـە ئایینەکـەیان بـەش بـەش کـردووە و بوونەتـە چـەندەها گـرووپ و دەسـتە ( بڕوایـان بـە هەنـدێکی هەیـە و بڕوایـان بـە هەنـدێکی نیـە و کوێرانـە شـوێن ڕابەرەکـەیان دەکـەون ) هـەر گـرووپ و پارتێکیش دڵخۆشن بە بەرنامە و نەخشە و پلانی خۆیان ( و وا دەزانن چاکترین ڕێبازیان گرتووەتە بەر)

بۆیـە جاری وا هەیـە هەندێك لـە لاوان پرسیار دەکـەن : ببینـە چ حیزبێك ؟ پـەنا بـۆ چ گرووپێك بەرین ؟ نازانین کێ لە سەر حەقە ؟

موسڵمانی بەڕێز : گەر دەتەوێ لەو هەموو ناكۆكی و دووبەرەکی یە ڕزگارت ببێت ، شوێن قورئان و سوننەت بکەوە ، بەو شێوەیەی کە پێشینە چاکەکان لێی تێگەیشتوون ، ئەگەر پرسیارێکیشت لە لا درووست بوو ، پرسیار لەو کەسانە بکە کە شارەزای دینن ، و لە خواترسن ، و دوای ئەم و ئەو نەکەوتوون ، ئەگەر ئەمەت کرد ئەو کاتە دەکەویتە سەر ئەو ڕێگا ڕاستەی کە دەتگەیەنێت بە بەهەشت ( إنشاء الله ) .

## ئەو گومانانەی بەسەر دڵی لاواندا دێن

دڵی مردوو گومان و وەسوەسەی دژ بە دینی بەسەردا نایەت ، چونکە دڵێکی تیاچووە و شەیتان لەوە زیاتری لێناوێ ، بە ( ابن مسعود ) یان وت : جوولەکە دەڵێن : ئێمە گومان و دوودڵیمان بۆ درووست نابێت لە نوێژەکانماندا ، ئەویش فەرمووی : ڕاست دەکەن ، شەیتان چی بکات لە دڵێکی وێران .

بەڵام ئەگەر دڵ زیندوو بێت و ڕووناکی باوەڕی تێدا بێت ، ئەوا شەیتان بە بەردەوامی هێرشی بۆ دەبات ، و گومانی دژ بە دینی وای بۆ درووست دەکات کە ئەگەر بێت و بەندە خۆی بدات بە دەستیەوە تیادەچێت ، وەسوەسەی شەیتان دەگاتە ئەو ڕادەیەی گومانی بۆ درووست دەکات دەربارەی خوا و دین و بیروباوەڕەکەی ، و ئەگەر کزی و لاوازیەك لە کەسەکەدا بەدی بکات ، ئەوا زیاتر بەسەریدا زاڵ دەبێت ، تاوەکو لە دین دەری دەکات ، بەڵام ئەگەر کەسەکە باوەڕێکی پتەوی هەبێت و گوێڕایەڵ بێت بۆ خوای گەورە ، ئەوا شەیتان بە ڕیسوایی و ڕووڕەشیەوە پشت هەڵدەکات .

ئەم وەسوەسە و گومانانـەی کـە بەسـەر دڵـی لاودا دێـن ، زیـانی پێناگەیـەنن ، ئەگـەر ڕێگاچارەی شەرعی بگرێتە بەر .

پێغەمبـەری خـوا ﷺ دەفـەرموێت : " شـەیتان دێ بـۆ لای یـەکێك لـە ئێـوە و پـێ ی دەڵێـت : کـێ ئەوەی درووست کردووە ، کـێ ئـەوەی درووسـت کـردووە ، تـاوەکو دەڵـێ کـێ پـەروەردگارتی درووسـت کردووە ، ئەگەر گەشتە ئەوە با پەنا بگرێت بە خوا و کۆتایی – بە وەسوەسـەکە – بهێنێـت " [ البخاري و المسلم ] .

## چارەسەری وەسوەسە و گومان

١ . کۆتایی هێنان بە وەسوەسەکە و بیر لێ نەکردنەوەی .

٢ . پەناگرتن بە خوا لەو وەسوەسەیە ، هەروەها پەناگرتن بە خوا لە شەیتان .

٣ . **بڵێت** : " آمنت بالله و رسوله " . **واتە : بڕوام هێنا بە خوا و پێغەمبەرەکەی .**

٤ . **بڵێت** : " الله أحد ، الله الصمد ، لم يلد و لم يولد ، و لم يكن له كفوا أحد " ، **پاشان سێ تف بکات بە لای چەپیدا ، و بڵێت** : " أَعُوذُ بِٱللَّهِ مِنَ ٱلشَّيۡطَٰنِ ٱلرَّجِيمِ

## وەڵامدانەوەی چەند پرسیارێك لە سەر قەدەر

بابەتی قەدەر یەکێکە لەو بابەتانەی کە لاوان پرسیاری زۆری لە سەر دەکەن و گومانیان هەیە تیایدا ، پێغەمبەری خوا ﷺ نەهی کردووە لە ناکۆکی و مشت و مڕ لەم بابەتە هەستیارەدا ، زۆر ڕۆچوون لە بابەتی قەدەردا ، مرۆڤ بەرەو تیاچوون دەبات .

کاتێك پێغەمبەری خوا ﷺ ئەوەی بە هاوەڵان فەرموو : کە هەرکەسێك جێگاکەی لە بەهەشت و جێگاکەی لە دۆزەخدا نووسراوە ، هاوەڵان فەرموویان : ئایا پشت نەبەستین بەوەی کە لە سەرمان نووسراوە و واز لە کارکردن بهێنین ، ئەویش ﷺ فەرمووی : " اعملوا فكل ميسر لما خلق له " پاشان پێغەمبەری خوا ﷺ ئەم ئایەتانەی خوێندەوە : ﴿ فَأَمَّا مَنۡ أَعۡطَىٰ وَٱتَّقَىٰ ۝٥ وَصَدَّقَ بِٱلۡحُسۡنَىٰ ۝٦ فَسَنُيَسِّرُهُۥ لِلۡيُسۡرَىٰ ۝٧ وَأَمَّا مَنۢ بَخِلَ وَٱسۡتَغۡنَىٰ ۝٨ وَكَذَّبَ بِٱلۡحُسۡنَىٰ ۝٩ فَسَنُيَسِّرُهُۥ لِلۡعُسۡرَىٰ ۝١٠ ﴾ ( الليل) [ رواه البخاري ] واتە : جا ئەوەی دەبەخشێت و پارێزگار و لە خواترسە ، و بڕوای پتەوی بە پاداشتی چاك و پتەوی خوایی هەیە ، ئەوە ڕێگای چاکە و چاکەکاری بۆ ئاسان دەکەین و سەرئەنجام دەیخەینە خێر و خۆشیەوە ، بەڵام ئەوەی ڕەزیل و دەست نوقاو بێت و خۆی بێ نیاز بزانێت و ( ڕەزامەندی خوایی مەبەست نەبێت ) ، و بڕوای نەبێت بە پاداشت و بەهرەی چاکی خوایی و بە درۆی بزانێت ، ئەوە ڕێبازی تەنگانە و ناخۆشی بۆ ئاسان دەکەین و سەرئەنجام بە دۆزەخی دەگەیەنین .

پێغەمبەری خوا ﷺ ڕێگەی پێ نەدان پشت بەوە ببەستن کە لەسەریان نووسراوە و واز لە کارکردن بهێنن ، چونکە ئەوەی ناوی لە کۆمەڵی بەهەشتیەکان نووسرابێت ، ناچێتە بەهەشتەوە تاوەکو کردەوەی ئەوان ئەنجام نەدات ، وە ئەوەی ناوی لە کۆمەڵی دۆزەخیەکان نووسرابێت ، ناچێتە دۆزەخەوە تاوەکو کردەوەی ئەوان ئەنجام نەدات .

کارکردن بە دەست مرۆڤ خۆیەتی ، و خوای گەورە ویست ( الإرادة ) و توانا ( القدرة ) ی پێ بەخشیوە بۆ ئەنجامدانی کارەکانی ، بۆ نموونە بیەوێ گەشت بکات دەیکات ، و ئەگەر حەزی لێ نەبێت نایکات ، ئەنجامدانی کردەوەی چاك و خراپیش بەهەمان شێوە بەندە بە ویست و ئارەزووی خۆی دەیکات .

## وەڵامدانەوەی چەند پرسیارێك لە سەر قەدەر

یەکەم : ئەوەیە کە : مرۆڤ بە ویست و توانای خۆی کارەکانی ڕادەپەڕێنێت بە بێ ئەوەی هەست بەوە بکات کەسێك زۆری لێ دەکات ، باشە ئەمە چۆن لەگەڵ ئەوەدا دەگونجێت کە دەڵێن هەموو شتێك بە قەزا و قەدەری خوایە ؟

وەڵام : ئەگەر بیربکەینەوە لە کارکردن و جووڵەی بەندەکان ، بۆمان دەردەکەوێت کە لە دوو شتەوە سەرچاوە دەگرێت :

یەکەمیان : ویست ( الإرادة ) .

دووەمیان : توانا ( القدرة ) .

ئەگەر ئەم دووانە نەبن کردەوەش بوونی نابێت ، ویست و تواناش لەو شتانەن کە خوای گەورە درووستی کردوون ، چونکە ویست لە هێزی ژیریەوەیە ، و تواناش لە هێزی جەستەوەیە ، و ئەگەر خوای گەورە بیەوێ عەقڵ لە مرۆڤ دەسێنێتەوە بەمەش ویستی نامێنێت ، یان توانای لێ دەسێنێت ، ئەو کاتە مەحاڵە بتوانێت کردەوە ئەنجام بدات .

بۆیە ئەگەر مرۆڤ سووربوو لەسەر ئەنجامدانی کارێك ، ئەوا بە دڵنیاییەوە دەزانین کە خوای گەورە ئەو کارەی ویستووە و دیاری کردووە ، چونکە ئەگەر نەیویستایە ئەوا نەیدەهێشت کەسەکە کارەکە ئەنجام بدات یان ڕێگرێك ( مانع ) ی بۆ درووست دەکرد کە بە هۆیەوە نەیتوانیایە کارەکە جێبەجێ بکات .

بە کابرایەکی دەشتەکیان ووت بە چی پەروەردگارت ناسی ؟ ئەویش ووتی : ( بنقض العـزائم و صرف الهمم ) .

دووەم : خوای گەورە چۆن سزای کەسێك دەدات لەسەر ئەنجامدانی تاوان و سەرپێچیەك لە کاتێکدا کە هەر خۆی لەسەری نووسیوە و هەردەبێت ببێت ؟

وەڵام : وەڵامی ئەم پرسیارە بەچەند خاڵێك دەدەینەوە :

١ . ئەو کەسەی ئەم پرسیارە دەکات ، ئەی بۆ ناڵێت بۆچی خوای گەورە پاداشتی کەسێك دەداتەوە لەسەر کردەوەیەك کە خۆی لەسەری نووسیوە و هەردەبێت بیکات ، چونکە دادپەروەری ( عدل ) نیە تۆ قەدەر بکەیت بە بیانوو و بەڵگە بۆ ئەنجامدانی سەرپێچیەکان و نەیکەیت بە بەڵگە و بیانوو لە کاتی ئەنجامدانی گوێڕایەڵی و کردەوە چاکەکاندا .

٢ . خوای گەورە ئەم بڕوبیانووەی پووچەڵ کردووەتەوە لە قورئاندا ، و بە قسەی بێ زانستی لە قەڵـەم داوە ، و فەرموویەتی : ﴿ سَيَقُولُ ٱلَّذِينَ أَشۡرَكُواْ لَوۡ شَآءَ ٱللَّهُ مَآ أَشۡرَكۡنَا وَلَآ ءَابَآؤُنَا وَلَا حَرَّمۡنَا مِن شَيۡءٖۚ كَذَٰلِكَ كَذَّبَ ٱلَّذِينَ مِن قَبۡلِهِمۡ حَتَّىٰ ذَاقُواْ بَأۡسَنَاۗ قُلۡ هَلۡ عِندَكُم مِّنۡ عِلۡمٖ فَتُخۡرِجُوهُ لَنَآۖ إِن تَتَّبِعُونَ إِلَّا ٱلظَّنَّ وَإِنۡ أَنتُمۡ إِلَّا تَخۡرُصُونَ ١٤٨ ﴾ [ الأنعـام] . واتە : لەمـەودوا هـاوەڵ بڕیاردەرەکـان دەڵـێن : ئەگـەر خـوا بیویستایە هاوەڵمان بۆ بڕیار نەدەدا !! باو و باپیرانیشمان هاوەڵ بڕیاردەر ( مـشرك ) نەدەبوون !! هیچ شتێکیشمان لە خۆمان حەرام نەدەکرد !! ( ئەمانە هەمووی قسەی بەتاڵە و هەرگیز خوای گەورە زۆر لە

كەس ناكات بۆ باوەڕهێنان یان بێباوەڕی ) هەر بەو شێوەیە ئەوانەی پێش ئەمانیش درۆ و بوختانیان هەڵدەبەست ، هەتا تووشی بەڵای ئێمە بوون و سزای ئێمەیان چەشت ، پێیان بڵێ : ئایا هیچ زانیاری و زانستێكی خواییتان لەلایە ، تا نیشانمان بدەن و بۆمان دەربخەن ؟ ئێوە شوێنی هیچ شتێكی تر ناكەون جگە لە گومان ، و هیچ شتێكی تر ناكەن مەگەر ئەوە نەبێت كە درۆ دەكەن .

خـوای گـەورە ڕوونـی كردووەتـەوە كـە ئەوانـەی قـەدەر دەكـەن بـە بیـانوو لەسـەر هـاوەڵ بڕیاردانەكانیان ، پێشتر خەڵكی تر هەبوون وەكو ئەوان بەرنامەی خوایان بە درۆ خستووەتەوە ، و بەردەوام بوون تاوەك سزای خوای گەورەیان چەشت ، ئەگەر بڕوبیانووەكانیان ڕاست بوایە خوای گەورە سزای نەدەدان ، پاشان داوا لە پێغەمبەرەكەی ﷺ دەكات ، داوایان لێ بكات بەڵگە بخەنە ڕوو لە سەر ڕاستی و درووستی بڕوبیانووەكانیان ، و ڕوونی دەكاتەوە كە هیچ بەڵگەیەكان نیە .

٣ . قەدەر نهێنیەكی شاردراوەیە ، جگە لە خوای گەورە كەس نایزانێت تاوەكو ڕوونەدات ، ، باشە كابرای سەرپێچیكار و تاوانبار چۆن زانی خوای گەورە سەرپێچی و تاوانی لەسەر نووسیوە تاوەكو ئەنجامی بدات ؟ ئایا ناكرێ گوێڕایەڵی و چاكەی لەسەر نووسی بێت ؟ ئەی باشە بۆ لە جیاتی سەرپێچی و تاوان ، چاكە و گوێڕایەڵی ناكات و بڵێت : خوای گەورە چاكە و گوێڕایەڵی لەسەر نووسیوم ؟ .

٤ . خوا فەزڵ و ڕێزی مرۆڤی داوە بە سەر زیندەوەرەكانی تردا ، ئەمەش لە ڕێگای ئەو ژیری و تێگەیشتنە ( عقل و فهم ) ی كە پێی بەخشیوە ، وە هەروەها لە ڕێگای ناردنی پێغەمبەران و كتێبە ئاسمانیەكانەوە ، ڕێگای چاكە و خراپەی بۆ ڕوون كردووەتەوە ، و ویست و تواناشی پێبەخشیوە ، كە دەتوانێت یەكێك لەو دوو ڕێگایە بۆ خۆی هەڵبژێرێت ، باشە بۆچی كابرای سەرپێچیكار ڕێگای خراپە هەڵدەبژێرێت و ڕێگای چاكە هەڵنابژێرێت ؟

ئایا ئەگەر ئەو كەسە بیەوێت گەشتێك بكات ، و دوو ڕێگا هەبێت بۆ ئەو شوێنەی كە ئەو گەشتی بۆ دەكات ، ڕێگایەكیان ئارام و بێ ترس ، و ڕێگایەكیان ترسناك ، ئایا كامیان دەگرێتە بەر ؟

بێگومان ڕێگا ئارام و بێ ترسەكە دەگرێتەبەر ، و ڕێگاكەی تر ناگرێتەبەر بە بیانووی ئەوەی كە خوای گەورە لەسەری نووسیوە ، بێگومان ئەگەر ڕێگا ترسناكەكە بگرێتە بەر و بڵێت : خوای گەورە لە سەری نووسیوم ، ئەوا خەڵكی بە گێل و گەمژە و شێت لە قەڵەمی دەدەن .

بۆیە پێویستە لە سەر مرۆڤ ڕێگای چاكە بگرێتە بەر ، و خۆی هەڵنەخەڵەتێنێ بە گرتنەبەری ڕێگای خراپە بە بیانووی ئەوەی كە خوای گەورە لەسەری نووسیوە .

دەبینین مرۆڤ هەموو ڕێگایەك دەگرێتەبەر بۆ بەدەستهێنانی ڕزق و ڕۆزی ، و لە ماڵدا دەستەوئەژنۆ دانانیشێت و پشت بە قەدەر ببەستێت ، ئەی باشە جیاوازی چیە لە نێوان هەوڵ و كۆشش بۆ دونیا و هەوڵ و كۆشش بۆ قیامەت ؟

بۆچی لە سەرپێچی كردنی خوای گەورەدا دەڵێن : خوای گەورە لە سەری نووسیوین و قەدەر دەكەن بە بڕوبیانوو ، بەڵام لە كاری دونیایی دا ئەوە ناكەن ؟

شتەكە زۆر ڕوونە ، بەڵام هەوا و ئارەزوو ، مرۆڤ كەڕ و كوێر و لاڵ دەكات . خوای گەورە پەنامان بدات .

آمین .

## كۆتايي

لاوی بەڕێز : تۆ بە نرخيت ، نەفست بە نرخە ، بۆيە بە بەهەشت نەبێت مەيگۆڕەوە ، بەهەشت لە دڵتدا دانێ ، بۆ ئەوەی خوای بە بەزەییش بتخاتە بەهەشتەوە .

ئەوەی لەم ناميلكەيەدا باسمان كرد ، چەند وشەيەك بوون بۆ برا و خوشكە لاوەكانمان ، بۆ ئەوانەی كە لە سارای تاوانكاريدا هەواری مانەوەيان هەڵداوە ، و ستەميان لە نيشتيمانی هەميشەيی خۆيان كردووە ، ئەگەر ڕاستم وتبێت ئەوە لە خواوەيە و سوپاس بۆ ئەو ، ئەگەر هەڵەشم كردبێت ئەوا لە نەفسی خۆم و شەيتانەوەيە ، و داوای لێخۆشبوون لە خوا دەكەم .

و الحمد لله الذي بنعمته تتم الصالحات

و صلى الله على نبينا محمد و على آله و صحبه و سلم

=====================

ماڵپەڕی بەهەشت
www.ba8.org
لە دوعای خێر بێ بەشمان مەكەن